کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 3-10-2007 17:51

## هونەرمەندان لەپەراوێزەوە بۆ پەرتەوازەبوون ... ئەرسەلان مەحمود

بەنیازو نیەتی پێشخستنی کوردەواری، بەر لەهەرشتێك مومکینە زۆرێکمان، بێگومان ئەوانەی خوازیاری داهێنان و گەشەپێدانی کاری مەدەنی ڕێکخراوە جۆراوجۆرە پیشەیی و جەماوەریەکانین، لەگەڵ یەکگرتنەوەو یەکڕیزی و جەمبوونەوەی وزەو توانا پەرش و بڵاوەکاندا بووین و پێمان وابووە ئیتر ئەوەی دوێنێ نەتواندراوە لەکارو لەداهێنان و هەرچی زۆرتری خزمەتکردندا ئەنجامی بدەن و کاریگەری بەجێبهێڵن، ئەوا ئەمڕۆ لەدوای یەکگرتنەوەو ئاوێتە بوونەوەی تواناکان دەشێ چاوەڕوانی پەرجۆیەك لەکارو چالاکی نواندن و داهێنان بخولقێنن و لەبی نەخشی و پەیوەستبوونە سیاسی و حیزبیەکانەوە ڕزگاریان ببێت، لەوە زیاتر پێمان وابوو ئیدی لێرەوە، لەبواری کارگێڕی و پشتیوانی و هاوکاری داراییەوە (حکومەتی هەرێمی کوردستان) بایەخ و ڕۆڵیان بابەتیانەتر لەبەرچاو بگری و گرنگی زۆرو زیاتریان پێبدات..



هونەرمەندان، وەك یەكێك لەو سەندیکاو ڕێکخراوانەی هەردوو ڕێکخراوەکانی (سەندیکای هونەرمەندان و یەکێتی هونەرمەندان) یان بەو ڕێڕەوەدا ڕەتکردو (ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان) وەك تاکە ڕێکخراوی یەکگرتووی هونەرمەندانی کوردستانیان ڕاگەیەند، وەلی لەو ڕۆژەوە تاهەنوکە نەك هەر خولقێنەری ئەو پەرجۆیە نەبوون، سەرەتایەکیشیان بەو ئاقارەدا لێوە بەدینەکراوەو تەنانەت خۆشیان پێ ڕێکنەخراوەتەوە، ئەوەتا ئەوانەی دەرەوەی کاری هونەری یان ئەندام نین لەڕێکخراوی هونەرمەندان، بەومانایەی هونەرمەند نین، درك بەو حەقیقەتە دەکەن و بەدردۆنگییەکەوە بۆ ئایندەی کارو نوێکاری ئەو ڕێکخراوە دەڕوانن، وێڕای ئەوانە هونەرمەندانیش هەمان تێڕوانینیان هەیە، مامۆستایەکی شێوەکار لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی ڕانیە بۆی باسکردم سکرتاریەتی ڕێکخراوەکە خەمساردن و حەوت مانگە پرۆپۆزەڵێکی تەقدیمکردوون، تائێستا جوابێکیان نەداوەتەوە، ئەو مامۆستایە پێی وابوو کاتی خۆی، واتە بەر لەیەکگرتنەوەیان بەنەخش و چالاکتر بوون، دەیگووت ئەوسەردەمە هەریەکەیان لایخۆیەوە جموجۆڵێکی دەکرد، بەڵام باسی ئەوەشی کرد کەهەمیشە هونەرمەندانی دەرەوەی پارێزگاکان پەراوێزخراو بوون و بەبەراورد لەگەڵ هونەرمەندانی ناوشارە گەورەکان، چجۆرە گرنگییەکیان پێنەدراوە، بێگومان ئەو گووتانە هەر وا لەخۆوە سەرپێیی فڕێنادرێن، لەپارێزگاکاندا جگە لەنوسینگەو سکرتاریەتی هەردوو ڕێکخراوی هونەرمەندانی ئەوساو ڕێکخراوی یەکگرتوی ئێستا، دەیان سەنتەری تایبەت بەبوارەکانی هونەری ناوەندو یانەگەلێکی تری لەو چەشنە وجودیان هەیەو هەر هونەرمەندێك بیەوێت ڕۆژانە شوێن و ئۆفیسێکی تایبەت بەحەزو خولیاکانی خۆی هەیە رووی تێبکا، بەڵام زۆرێك لەشارو شارۆچکەو قەزاکاندا مەسەلەکە تەواو پێچەوانەیەو ئەگەر ڕانیەو قەڵادزی بەنمونە وەر بگرین، دەبینین نوسینگەی ڕێکخراوەکەشیان بەڕووودا داخراوە، وەك بەرپرسی نوسینگەی ڕانیە بۆی باسکردم کرێی مانگانەی بیناکەشیان بەپچڕپچڕی دەدەنی، ئەو برا بەرپرسەی نوسینگەی ڕانیەی هونەرمەندان (علی حسن علی ـ ناسراو بەعلی ئاغا) باسی ئەوەی بۆ کردم کەتائێستا مێزانییەك بۆ نوسینگەکەیان دابین نەکراوەو بگرە لەسکرتاریەتەکەیانەوە ڕەزامەندی لەسەر ئەو فۆڕمانەی بۆیان ناردوون نەگەڕاوەتەوە، هەر سەبارەت بەڕەوشی نوسینگەکەیان دەیگووت "بەپێی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بڕیاری كۆنگرە دەبوایە كەلوپەلو مومتەلەكاتی هەردوولا بخرێنەوە سەریەك بەڵام نوسینگەی پێشوی یەكێتی هونەرمەندا لەڕانیە نەك هەر ئەو كەلوپەلانەیان نەگەڕاندۆتەوە بگرە ئەو ستۆدیۆیەی لەڕابووردوودا بۆ هونەرمەندان كراوە لەڕانیە نەخراوەتەوە بەردەستمان" ئەوەشی بۆ هەبوونی كێشەو گیرو گرفت گەڕاندەوەو بەپێی قسەكانی ناوبراو دەردەكەوت سكرتاریەت نەیانتوانیوە ئەو گرفتانەیان بۆ چارەسەر بكەن، بەپێچەوانەوە هاتوون بڕیاری ئەوەیانداوە ستافی سەرەكی نوسینگەكە لەچوار كەسەوە بكەنەوە دوو كەس، تەنانەت بەنائومێدییەوە باسی ئەوەی دەكرد كەزۆرتر پێشبینی هەڵوەشانەوەی نوسینگەكەیان لەلایەن سكرتاریەتەكەیانەوە دەكرێت، هۆكارەكەشی بۆ خراپی ڕەوشی دارایی ناوەندی سلێمانی و ڕێكخراوەكەیان بەگشتی دەگەڕاندەوە، بۆ زیاتر دڵنیا بوون، هاوڕێ كاوە (كاوە عبدولا ـ ناسراو بەكاوەچكۆل ـ هونەرمەندی شانۆكار لەڕانیە) سەبارەت بەڕەوشی ڕێكخراوی هونەرمەندان و هونەرمەندانی سنورەكە بەئەسەفێكەوە دەیگووت"هیچ كاتێك وەكو ئێستا هونەرمەندانی ڕانیەو قەڵادزی ئاوا پەرتەوازە نەبوون" پێی وابوو لەسەر ئاستی سەرو ئیشیان بەهونەرمەندان نەماوەو هەربۆیەش ئێستا لەئەوپەڕی سەرگەردانیدااین، دەیگووت لەسنوری بیتوێن و پشدەرو ناو ڕانیە بەتایبەتی ڕێژەیەكی زۆر لەهونەرمەندان دەستیان لەكاركێشاوەتەوە، نەمانی مووچەی ڕێزلێنانیش وەك یەكێكی تر لەهۆكارەكان، بۆ باسكردم، لەلایەكی تر هونەرمەندی بواری مۆسیقا (محمد ئەنوەر) بەهۆی بی ڕەوشی ڕێكخراوەكەوە ئاماژەی بۆ ئەوە دەكرد كەهونەرمەندانێكی زۆر لەدەرەوەی ڕێكخراوی هونەرمەندانی كوردستان لەسنورەكەدا بەدیكرێن، دەیگووت" كەموكورتی زۆر هەیەو تائێستا جەمسەرێكی هونەری ئەوتۆ لەبوارە جۆراوجۆرەكانی هونەری لەڕانیەدا بەدیناكرێت، دواجار بینیم و لەوە تێگەیشتم هەر هیچ نەبی هونەرمەندانی بیتوێن پشدەر لەخەمساردی ڕێكخراوەكەیان و پەراوێزخراوی پارێزگاكانەوە ئەوەندەی تر بەرەو پەرتەوازەیی دەڕۆن.

Amk974@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.